سەید حەکیم و سەرۆککۆمار پێویستی یەکخستنی هەوڵەکان بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی
ڕکا بەرییە ئابووری و داراییەکان دووپات دەکەنەوە

بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت ل□ نووسینگەی خۆی ل□ بەغدا پێشوازی لە فەخامەتی سەرۆککۆمار بەڕێز نەزار ئامیدی کرد لەم دیدارە بیروڕا ئاڵوگۆڕ کرا سەبارەت بە پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی عێراق و ئەو ڕکا بەریيانەی لەم قۆناغە ڕوو بەڕووی دەبێتەوە.

سەماحەتی حەکیم و فەخامەتی سەرۆك داوایان کرد هەموو هەوڵەکان چڕ بکرێنەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕکا بەریيانە تێپەڕ بکرێن بە تایبەتی لەسەر ئاستی دارایی و ئابووری ڕوونیشکردەوە کە پێویستە سوود لە وانەکانی ئەم قەیرانە ورەبگرین لەپێش هەموویان بەرهەمهێنانی نەوت کە دەبێت زیاتر بکرێت و دەروازه□کانی هەناردە کردنیش فرە بکرێت و ئابووری هەمە چەشن بێت و واز لە دەوڵەتی تاکە داهات بهێنین و دووپاتی کردەوەش کە عێراق توانای گەورەی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانێت ئابووریەکی فرە بنیات بنێت بۆ ئەوەی مافه□کانی کەسەکان و نەوەکانی داهاتووش بپارێزێت.

دەرباره□ی کابینەی حکومەت هەردوو جەختیان کردوە لەسەر گرنگی یەکلایی کردنەوەی بژاردەکانی کوتللە سیاسییەکان و پێدانی متمانە بە کەسایەتی کارامە کە توانای هەبیت وەزارەتەکان بەڕێوە ببات و ڕکا بەرییەکان بۆ هەلی سەرکەوتن بگۆڕێت.

لەکۆتایيدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی پابەندبوون بە دەستوور و گوتی عێراق نابێت ببیتە دەروازه□ی□ك بۆ هەڕەشەکردن لە ولاتانی دراوسێ و پێویستە عێراق بنەمای کرانەو□ ب□□□ووی هەمووان پ□ی□□□وی بکات بەپێی بەرژەوەندی خۆی و پاراستنی سەروەری وڵات.